# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## مۆزەکانی داپیرە


Skrevet av: Ursula Nafula
Illustret av: Catherine Groenewald
Oversatt av: Agri Afshin


Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.


Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.no


# مۆزەکانی داپیرە


Ursula Nafula
Catherine Groenewald
Agri Afshin


kurdisk (sorani)
nivå 4

(uten bilder)

باخچەکەی داپیرە زۆر جوان بوو. پڕ بوو لە گەنمەشامی، هەرزن و مانیۆك، بەڵام لە هەموویان باشتر مۆزەکان بوون. ئەگەرچی داپیرە نەوەی زۆری هەبوون، بەڵام من بە نهێنی ئەوەم دەزانی کە داپیرە منی لە هەموان خۆشتر دەویست. ئەو زۆربەی جار بانگی دەکردمە ماڵەکەی خۆی. هەروەها ئەو ڕازی زۆری بۆ باس دەکردم. بەڵام ڕازێك هەبوو کە داپیرە تا ئێستا بۆی باس نەکردبووم: ئەوەی کە ئەو مۆزە گەییوەکانی لە کوێ دادەنا



دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دایکم، باوکم و داپیرەم بانگیان کردم. دەمزانی بۆچی بانگم دەکەن. کاتێ شەو ڕاکشابووم کە بخەوم، زانیم کە ئیتر چی دیکە ناتوانم دزی نە لە داپیرە نە لە دایك و باوکم و نە لە هیچ کەسێکی دیکە بکەم.

ڕۆژێکیان من زەمبیلەیەکی حەسیریم بینی لە دەرەوەی ماڵەکەی داپیرە. کاتێ کە پرسیم ئەم زەمبیلە بۆ چییە، تەنیا وەڵامێک کە بیستم ئەوەبوو کە: “ئەمە زەمبیلە جادووییەکەی منە” لە تەنیشت زەمبیلەکە گەڵای دار مۆزی لێ بوو کە داپیرە زوو زوو ئاوەژووی دەکردنەوە. من کنجکۆڵ بووم. پرسیارم کرد، ئەم گەڵایانەت بۆ چییە؟ تەنیا وەڵامێکی کە بیستم ئەوە بوو کە: “ئەمانە گەڵا جادووییەکانی منن.”



ڕۆژی دواتر کاتی چوونە بازاڕ بوو. داپیرە بەیانی زوو لە خەو هەستا. ئەو هەمیشە مۆزە پێگەییشتوو و مانیۆکەکانی دەبردە بازاڕ بۆ فرۆشتن. من ئەو ڕۆژە بۆ سەردانی داپیرە پەلەم نەکرد، بەڵام نەمتوانی لەوە زیاتر فێڵی لێ بکەم.

نیگاکانی داپیرە، مۆزەکان، گەڵای دارمۆز، زەمبیلەی حەسیری، هەموو ئەمانە زۆر سەیر بوون. بەڵام داپیرەم بۆ ئەنجامدانی کارێك منی نارد بۆ لای دایکم. من پێداگریم کرد: “داپیرە، تکایە با لێرە بم کاتێك تۆ ئەمانە ئامادە دەکەی، بۆ ئەوەی بیانبینم.” داپیرە پێی گوتم: “ڕۆڵە، لاساری مەکە، ئەو کارەی پێم گوتی ئەنجامی بدە.” منیش بە غار ڕۆیشتم.



ڕۆژی دواتر، کاتێ داپیرە لە باخچەکە سەوزیی دەبڕییەوە، بە ئەسپایی هاتم و چاوم لە مۆزەکان کرد. نزیک بە تەواوی مۆزەکان پێ گەییبوون. نەمتوانی ددان بەخۆدا بگرم و چەند مۆزێکم هەڵگرت. خەریك بوو بە ئەسپایی بەرەو دەرگاکە دەڕۆیشتم، گوێم لە کۆخەی داپیرە بوو کە لە پشت دەرگاکە بوو. توانیم مۆزەکان لە ژێر جلەکانمدا بشارمەوە و بە بەردەمیدا تێپەڕیم.

کاتێ کە گەڕامەوە، داپیرە لە دەرەوە دانیشتبوو، بەڵام نە مۆزەکانم بینی نە زەمبیلەکە. پرسیم: “داپیرە، کوا زەمبیلەکە، کوا مۆزەکان و کوا...” بەڵام داپیرەم تەنها گوتی: “مۆزەکان لە شوێنە جادووییەکەی منە.” زۆر بێ ئومێد بووم.



ڕۆژی دواتر، کاتێك کە داپیرە هات بۆ سەردانی دایکم، من بە خێرایی چوومەوە بۆ باخچەکەی داپیرە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە چاو لە مۆزەکان بکەمەوە. بینیم تۆپەڵە مۆزێکی زۆر گەییوو لەوێ بوو. یەك دانەم هەڵگرت و لە ناو جلەکانم شاردمەوە. دوای ئەوەی زەمبیلەکەم داپۆشییەوە، چوومە پشت خانووەکە و بە خێرایی مۆزەکەم خوارد. پێشتر هەرگیز مۆزی وا شیرینم نەخواردبوو.

دوو ڕۆژ دواتر، داپیرە منی نارد گۆچانەکەی لە ژوورە خەوەکەی بۆ بێنم. هەر ئەوەی کە دەرگاکەم کردەوە، بۆنێکی توندی مۆز ژوورەکەی پڕ کردبوو. لەناو ژوورەکە زەمبیلە حەسیرییەکەی داپیرەی لێ بوو. زەمبیلەکە بە لێفەیەکی کۆن داپۆشرا بوو. من لێفەکەم لابرد و بۆنێکی خۆشم هەست پێ کرد.



لەگەڵ دەنگی داپیرە ڕاچڵەکیم کاتێ گوتی: “ئەوە تۆ چی دەکەی؟ پەلە بکە و گۆچانەکەم بۆ بێنە.” منیش زۆر بە پەلە گۆچانەکەم بۆ برد. داپیرە گوتی: “ئەوە بەچی پێدەکەنی؟” پرسیارەکەی داپیرە ئەوەی تێگەیاندم کە من هێشتا زەردەخەنەم لەسەر لێوانە بەهۆی دیتنەوەی شوێنە جادووییەکی داپیرە.